نمونەی ئەو کەسەی کە سنووورەکانی خوای گەورە تێپەڕ ناکات (خۆی لە تاوانەکان بەدوور دەگرێت)، وئەو کەسەی کە تاوانەکان دەکات، وەکو کەسانێک وان کە تیروپشک دەکەن لە سەر کەشتیەک

لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی ئەو کەسەی کە سنووورەکانی خوای گەورە تێپەڕ ناکات (خۆی لە تاوانەکان بەدوور دەگرێت)، وئەو کەسەی کە تاوانەکان دەکات، وەکو کەسانێک وان کە تیروپشک دەکەن لە سەر کەشتیەک، هەندێکیان دەچنە سەرەوەی کەشتیەکە وهەندێکیان دەچنە خوارەوەی کەشتیەکە، ئەوانەی لە خوارەوەی کەشتیەکەن ئەگەر ئاویان بهێنایە بەلای ئەوانەی سەرەوەی خۆیان تێدەپەڕ دەبون، ودەیانووت: ئەگەر بە گوێرەی بەشی خۆمان کەشتیەکە کون بکەین لە خوارەوە ئەوا ئازاری ئەوانەی سەرەوە نادەین، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە وازیان لێبهێنن ئەو کارە بکەن ئەوا هەموویان تیا دەچن، وئەگەر دەستیان بگرن (کە کەشتیەکە کون نەکەن) ئەوا هەموویان ڕزگاریان دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نمونەی هێنایەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە پابەندی سنووورەکانی خوای گەورەن، ودامەزراون لەسەر فەرمانی اللە، وفەرمان بە چاکە دەکەن ونەهی لە خراپە دەکەن، وهەروەها نمونەی هێنایەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە وازیان لە چاکە هێناوە وخراپە دەکەن، کاریگەری ئەم دوو کۆمەڵە لەسەر ڕزگاربوونی کۆمەڵگا ؛ وەکو نمونەی خەڵکانێك وان کە سواری کەشتی بوون، وتیروپشکیان کردووە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کێ لەسەرەوەی کەشتیەکە بێت وکێ لە خوارەوەی بێت، هەندێکیان چوونە سەرەوە، وهەندێکی تر چوونە خوارەوە، ئەوانەی لە خوارەوە بوون کاتێك بیانویستایە ئاو بهێنن ؛ تێپەڕ دەبوون بەلای ئەوانەی سەرەوەدا ووتیان: ئەگەر شوێنێك کون بکەین لە خوارەوە وئاو بۆ خۆمان بهێنین، چیتر ئازاری ئەوانەی سەرەوە نادەین، ئەگەر ئەوانەی سەرەوە وازیان لێبهێنن ؛ وئەم کارە بکەن، ئەوا هەموو کەشتیەکە نقوم دەبێت بەهەموویانەوە، بەڵام ئەگەر نەهی وڕێگریان لێبکەن لەم کارە ؛ هەموویان ڕزگاریان دەبێت

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3341